#ژن_ژیان_ئازادی : فیمینیسمی ئینترناسیۆنالیست لە سەردەمی شەڕ و فاشیزمدا

📅هەینی، ٢٨ ی مارس – کاتژمێر ۶ ی پاشنیوەڕۆ

**Bourse de Travail**

بە بەشداریی ریما حەسەن، ڤێرۆنیکا گاگۆ، سارا دێهکوردیی و، خوێندنەوەی پەیامی عاتفە ڕەنگریز و نامەی زیندانیی سیاسیی کورد پەخشان عەزیزی

ئێستە فیمینیسم – وەك سیاسەتی ڕوو لە ڕزگاریی زایەندیی و جنسیيەتیی ژنان لە بەندی پیاوسالاریی و سەرمایە- نەك لە دەرەوە کەوتووەتە بۆسەی دوژمنە باوکسالارەکانی، بەڵکوو بە هۆی هەندێ گوتارەوە کە خۆیان بانگی «فیمینیسم» دەدەن، لەگەڵ تەنگژیەکی ناوەکییش دەستەویەخەیە:

•فیمینیسمی ئەمپریالیستیی، بەناوی «کەوتنە فریای» ژنانی «قوربانی» یەوە، خەریکە شەڕ و لە-خاوەنداریێتیی-داماڵین پاساو دەدات.

•فیمینیسمی نیۆلیبراڵ یەکسانیی جنسیيەتیی لە «سەرکەوتن»ی فەردیی ژنان بۆ پلەی وەك سیاسەتمەدار، خاوەنکار و کارگێڕدا دەبینێت.

هاوکاتی ئەمەش، فاشیسم خەریکە پیاوانی موسوڵمان و کۆچبەر وەك «بە کولتوور دواکەوتوو» نیشان دەدەن و وەك هەڕەشەیەك بۆ ژنانی سپیپێست وێنەیان دەکێشێت.


ئێمە لامان وایە دروشمی #ژن_ژیان_ئازادی دەتوانێت لەمپەرێکی پتەو بێت بەرامبەر شەپۆلەکانی هەوڵ بۆ دەست گرتن بە سەر فیمینیسمدا لە بەرژەوەندیی ستەم و دەسەڵات. ئەم دروشمە، کە لانیکەم یەك دەیە پێشتر و لە ناخی خەباتەکانی ژنانی کوردەوە دژی کۆلۆنیالیسمی ناوخۆیی و پیاوسالاریی لە کوردستان سەری هەڵدابوو، پاش ژنکوژیی دەوڵەتیی ژینا ئەمینی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە سەرانسەری ئێراندا دەنگی دایەوە و زایەڵەکەی گەلانی هەرە پەراوێزخراوی لە #بەلووچستان ەوە تاکو #کوردستان، لە ناوەندەوە تاکوو پەراوێز و، هەموو کرێکاران، ناجێگیرکاران، هەژارانی شاریی و … ی دژی دیکتاتۆریی پیاوسالارانە هێنایە مەیدان.

سەرەڕای هەوڵی زۆر بۆ دەستگرتن بەسەر دروشمەکەدا لەلایەن سەڵتەنەت خوازانی پاشکەوتوو و هەوڵ بۆ کردنی بە کەرەستە و دەسکەلا لە لایەن ڕەوتە ڕاستخوازە توندئاژۆکانی خۆرئاواوە، «ژن، ژیان، ئازادیی» توانست و پوتانسیەلی ڕزگاریدەری بۆ هاوخەباتیی ناننەتەوەیی لە نێوان گەلان و خەڵکانی بندەست، کۆلۆنیکراو و چەوساوەدا لە هەناودایە- بەتایبەت لە سەردەمێکدا کە مۆرکی فاشیسمی باوکسالارانە، ژنکوشتن، جینۆسید لە #فەلەستین و قەیرانی دنیاگری بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیی بەسەرەوەیە.

بە بۆنەی #٨_مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە*، سێ چالاك و فیمینیستمان بانگهێشت کردووە: ریما حەسەن، نوێنەری پەرلەمانی ئەورووپا و مافناسی فەرەنسی-فەلەستینیی؛ ڤێرۆنیکا گاگۆ، فیمینیستی ئەرژەنتینی، نووسەری کتێبی «نێونەتەوەیی فیمینیستیی»، ڕێکخەری مانگرتنە فیمینیستییەکان لە ئامریکای لاتین؛ سارا دێهکوردیی، چالاکەوان و ڕەخنەگری نیشتەجێی تاراوگە، ئەندامی بنەماڵەی داخوازان و نووسەری کتێبی «هەڵاواردن، نایەکسانیی و پەرەسەندنی شاریی».
لە کۆتاییشدا بە ڤیدیۆ پەیامێکی عاتفە ڕەنگریز، چالاکی ژنان و کرێکاران و زیندانیی سیاسیی پێشوو، بڵاودەکرێتەوە.

[1]ڕێکەوتی ٢٨ی مارس لە سووچێکی ڕۆژمێرەکانتاندا یاداشت بکەن.

#ژینا_ئەمینی #هەشتی_مارس #دەرووێینەوە


ژن ژیان ئازادی
فیمینیسمی ئینترناسیۆنالیست
لە سەردەمی شەڕ و فاشیزمدا
٢٨ ی مارس - کاتژمێر ٦ ی پاشنیوەڕۆ
ریما حەسەن
ڤێرۆنیکا گاگۆ
سارا دێهکوردیی
عاتفە ڕەنگریز
و نامەی زیندانیی سیاسیی
کورد پەخشان عەزیزی
Bourse du Travail,
3 Rue du Château d'Eau, 75010 Paris
Salle Ambroise CROIZAT
@Roja.Paris